# وەک قووڵەڕەشێک کە خەون بە بەفرەوە دەبینێ

دلاوەر قەرەداغی
(سوێد)



ون بوونی تۆ غەریبیی منە
لە شارانێکدا کە بۆ یەکەم جار و دوایین جار
بە ناویاندا تێدەپەڕم
سەفەری من لە شارانێکەوەیە بە دوای دۆزینەوەی تۆدا
کە هەرگیز بیریان ناکەم،
بە ڕێکەوتیش ڕێم تێیان ناکەوێ و
نایانبینم!

ون بوونت حەکایەتی گەڕانی منە
بە چاوانێکی لێکنراوەوە بەناو ئاوێنەکاندا
بە دوای تۆدا
ون بوونت هیچ نییە،
جگە لە دۆزینەوەی تۆ

ون بوونت درێژبوونەوەی گەڕانی منە
بە دونیادا
تا گەیشتنە بەردەم تۆ

با ونیش بووبیت
خۆ بۆنت لە با دایە
شوێنپێت بە ڕێگەکانەوە،
هاڵاوی هەناسەت بەسەر شووشەی
پەنجەرەکەوە و
جێ پەنجەت بە لێوانی شەرابەکەوەیە
جا با هەزار ساڵ ونیش بیت
بەڵام دەزانیت
هیچ شتێک نییە لەم دونیایەدا
بۆ من،
لە دۆزینەوەی تۆ ئاسانتر؟

ون بوونی تۆ دەمکاتە هاوڕێی
شاعیرە باشەکان
دەمکاتە باخنشین لەگەڵ باخەوانە بە ئەزموونەکان

دەمکاتە دۆستی باڵندە و
پڵنگ و مارماسی
ونبوونی تۆ بیانوویەکە بۆ من
تا لای میوەفرۆش و گەڕیدە و ناخودای کەشتییەکان
سۆراغت بکەم و
هەواڵت لە ساحیر و دەستگرەوە و کیمیاگەران
بپرسم!

ون بوونی تۆ ... گەڕانێکی خۆشە
تا ئەبەد بە دوای دۆزینەوەتا
خۆ کردنە بە سینەماکاندا و بینینی فیلمی جوان جوان
ڕاوەستانە بە سەعات بە دیار تابلۆکانەوە
دانیشتنە لە گوێ ڕووبار و
گوێڕادێرانە لە ترپەی دڵی تۆ
کە نزیک ..... نزیک ... نزیکت بوومەتەوە و
لەوەدام هەر هێندەی سەرهەڵببڕم
بتوانم بتبینم و
بە چرپە بانگت بکەم!

ون بوونی تۆ گەڕانێکی خۆشە
بۆیە لەسەر چێژی ونبوون ڕادێم،
تا ئەبەد بە ڕێگەوە دەبم و
تا ماوم
هەر بە دواتا دەگەڕێم،
نابمە خەڵکی هیچ شوێنێک و
هاووڵاتی هیچ کوێ نابم!

چەند خۆشە ونبوونی تۆ
کە بە ئومێدی دۆزینەوەتەوە دەژیم
کە بە خەیاڵی دۆزینەوەتەوە دەنووسم و
بە مەرامی دۆزینەوەتەوە سەفەر دەکەم
چەند سانایە دۆزینەوەی تۆ
کە هەست دەکەم
نزیک ..... نزیک ..... نزیک
نزیکیت لێم
وەک دڵم!

ون بوونی تۆ تاقیکردنەوەی عومرە
بۆ من،
کە دۆزینەوەت بە ژیانم بکرم
تا بۆم دەرکەوێ و بزانم
کە ئاخۆ شاعیرێکی زۆر باش
یان بێ ئەندازە خەراپم!

دۆزینەوەی تۆ هێند سانایە
بۆ من
کە هەر هێندە بۆن بکەم
دەستوبرد دەتناسمەوە
کە هەر هێندە بنۆڕم
دەسبەجێ دەتبینم!

**ئەیلوولی ٢٠١٣**

**ناوونیشانی شیعرەکە لە ڕۆمانی "بەهرە"ی شاعیر و ڕۆماننوسی ڕووس، ڤلادیمیر نابۆکۆڤ – وەیە.**